# خوێندنەوەیەک بۆ شەرف پەرستی

## گفتوگۆیەك دەربارەی ژنكوشتن

ئامادەكاری دۆسییە/ خەڵەف غەفور

ڕۆژنامەی جەماوەری 2007/08/26

چۆن شەرەف پێناسە بکەین بۆ ئەوەی لەشەرعیەتی شەرەف پەرستی کەمبکەینەوە،یاخود ببینە خاوەن ڕوئیایەکی جیاوازتر لە ڕوئیای خێڵ بۆ شەرەف، ئەمە لەکاتێکدا خێڵ بەردەوام کار لەسەر تۆخکردنەوەی هێڵەکانی ستراتیژیەتی شەرەف پەرستی دەکات و بێدەنگیەکی سەیریش لەئاست ئەم ستراتیژەدا دەبینرێت؟

**ئیسماعیل حەمەئەمین:** پێناسەیەکی نوێی شەرەف لەجەوهەردا پابەندە بەهۆشمەندیەکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەهەموو ئەندامانی کۆمەڵگە تێدا بەشدارن. هۆشمەندیەک جیاواز لەتەقلیدەکانی عەشیرەت و خورافاتە ئیسلامەویەکانی. دیارە مەحاڵە هۆشمەندیەکی ئاوەها لەئاسمانەوە بدۆزینەوە، یاخود لەپڕێکدا بەسەریدا بکەوین، ئەمە پرۆسێسێکی دوورو درێژ و هەمەلایەن و هەمەڕەنگە، پابەندیشە بەبەرژەوەندەیەکانی دەسەڵاتێکی تایبەتەوە لەقۆناغێکی مێژوویی تایبەتدا.
بۆئەوەی زیاتر مەبەستەکەم ڕوونبکەمەوە و باس لەگرفتەکانی لەدایکبوونی هۆشمەندیەکی ئاوەها بکەم کەچەمکی شەرەف لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بگۆڕێت، پێویستە باس لەپێکهاتەی ئەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە بکەین کەبەرهەمهێنی ئەم جۆرە پێناسە کۆنەخوازە( سێکسواڵیەی) شەرفن. بۆچی دەبێت شەرەف تەنها ئەو دووریە خێڵکی و ئیسلامگەرایەی هەبێت؟!.ئەمە سادەترین و جومگەیترین پرسیارە کەدەگەڕێینەوە بۆی.ئەمانە هەمووی پابەندن بەو هێزە کۆمەڵایەتیەی ئەمرۆ ڕایەڵەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەستە، ئەمە جەوهەری دەسەڵاتی کوردیە کەسەرەڕای بانگەشکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیەت و عەلمانیەت و گلۆباڵیەت، لەجەوهەردا لەگەڵ هەموو هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا یەکدگیر و هاوپەیمانە. چۆن چەمکی شەرەف بەو ئاقارە ژنکوژیەدا تێپەڕنابێت کەدەستوری حکومەتێکی فیدارل توانای جیاکردنەوەی ئاینی نیە لەدەوڵەت، بەمەرجێک لەسەرێکی دیکەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا گرەوی کۆمەڵگەی مەدەنیەتی کردووە! پەیمانی ئەوەی داوە کوردستان بکات بەڕۆژئاوایەکی دیکە، بۆ ئەوەی فیدرالیەتێکی عەلمانی لەئێراقدا فەراهەم بێت.
دۆزی سیاسی ئەم دەسەڵاتە کوردیە بەپێچەوانەی ئەم ئاقاری بەمەدەنیبوونە ڕێڕەوی گرتووە، نەک هەرئەوە بەڵکو خێڵەکان لەجاران زیاتر خاوەنی نفوزی سیاسی و دەسەڵاتن، خێڵەکانی ئەمرۆ جامەدانە و بڕنەویان لەشان نیە، بەڵکو قاتی مۆدێرن و بەڵگەنامەی زەبەلاحیان لەگیرفاندایە و بەزمانی بێگانەی جۆراو جۆر قسەدەکەن. مە ئێستا لەقۆناغی (پۆست - خێڵ )داین،قۆناغێکە سیاسیەمۆدێرن و تەکنۆکۆاتەکان نوێنەرایەتی خێڵ و پرنسیبەکانی ئەوان دەکەن، ئەوانەن کەماسکێکی مۆدێرنیان لەخۆبەستووەو لەودیوو ئەو ماسکەشەوە پشتیانداوە بە هێزەکانی خێڵ و پرنسیبە ناموسپەرستیەکەی. خێڵ ئەمرۆ خاوەنی دەزگای مۆدێرنی خۆیەتی، پارێزەری مۆدێرنی هەیە لەفۆرمی سیاسی و مەلەفی
تەکنۆکراتەکانی دەسەڵاتدا نوێنەرایەتی خۆی دەکات، ئەمرۆ خێل لەجاران زیاتر خاوەنی ئەو میتۆدانیە کەبتوانێت جەوهەری خۆی بپارێزێت، خێڵ ئەمرۆ خاوەنی پەرلەمانە.
ئەم دووفاقی ئەخلاقیە، ئەم دەبڵ مۆراڵیە، ئەم جۆرە یاریە بەعەلمانیەت و سێکولاریزم، سیفەتێکی ترسناکی ئەو چینە خێڵەکیە نوێیە، کەلەخێڵی تەقلیدی ترسناکترن و درێژبوونەوەیەکی دیکەی خێڵن لەناوەرۆکێکی ئیسلامەویدا. ئەمانە وەکو نوێنەرانی حزبەبەشداربووەکانی دەسەڵاتی کوردی لەلایەک سۆسیال دیموکراتن یان

بەنێو سۆسیالست و چەپ و ئۆپۆزیسیۆنن و لەلایەکی دیکەش خێڵ مۆبیلاریزەدەکەن بۆ مەرامە سیاسیەکانیان.
ئەم گروپە سیاسیانە بۆ بەشداریکردن لەدەسەڵات و دەنگ کۆکردنەوە هەموو پرنسیبە عەلمانیەکان فەرامۆش دەکەن، کەسانی بیروکرات و ئۆتۆکراتی گۆشبوو بەویژدانێکی مردوو، چاو لەهەموو چەمکە کۆنەپەرستیەکان دەپۆشن، ئەمە دەم و چاوی دیاری دۆزی سیاسەتی دەسەڵاتە لە ناوچە کەدا. ئەمانە نەک هەر چاو دەپۆشن لەعورفەکانی خێڵ، بەڵکو بۆ زیندوکردنەوەی عورفەکانی خێڵ (مەڵبەندی ڕۆشنبیری و ڤیستڤاڵی هونەری) بۆ سازدەکەن، کەتاوەکو ئێستا ملیۆنەها دۆلاری تێچووە!، ئیدی چۆن دەتوانین باس لە گۆڕینی چەمکی شەرەف بکەین، لەکاتێکدا خێلڕ لەو پەڕی هێزیدایە، بێگومان بەیارمەتی ئەو چینە سیاسیە درۆزنەی بانگەشەی عەلمانیەت وئەو ئۆپۆزسیۆنە دووفاقیەی ئیدیعای چەپگەرایی و نەتەوەخوازی دەکات. بەدیوێکی دیکەدا خێڵی کوردی هەمیشە بۆ بەردەوامیدان بەخۆی، لەو کولتورەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە کەمەلاکان و کایە ئاینیەکان بۆیان دیاریکردووە، سەرچاوەی هێزی خێڵ و شەرعیەتی، لەشەرعیەتی مەلایەکانەوەیە،ئەو مەلایانەی دەیانەوێت هەموو کۆمەڵگە بەپرگاڵ و پێوانە ئەخلاقیەکانی ئەوان بجولێتەوە،هاوپەیمانێتی خێلڕ و ئیسلام،هاوپەیمانتێکی دوورودرێژە. ئیسلامەویەت وەک لەنموزەجی حوکمی ئال سعود وسوباح و ئالەکانی کەنداودا دەیبینین، دڵسۆزە بۆ چەمکەکانی خێڵ، خێڵیش باشترین ژینگەیە بۆ گەشەکردنی میکرۆبی ئیسلامەویەت. هەربۆیە هەمیشە دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە لە ئیسلامدا باشترین گوتاری شەرعیەت دەدۆزنەوە کەبەردەوامی دەدات بەدەسەڵاتیان، مۆدێلی تازەش نوێنەرە مۆدیرنەکانی خێڵن، کەدبلۆماسیانە لەڕێگەی بانگەشەی کۆمەڵگەی مەدەنیتەتەوە ئەنجومەنی عەشیرەتەکان لەسەروو دادگا و حوکمی یاسا، دەسەڵاتدار دەکەن .
لێرەوە چەمکی شەرەف بەو ڕەهەندە ژنکوژی و سێکسواڵیەکەی یەکێکە لەو پێکهات و بەها کۆمەڵایەتیانەی کەگوتاری ئیسلام لەفۆرمی (ناموس پەرستی سێکسواڵی) جەختی لەسەر دەکات، مەبەستم لەناموسپەرستی سێکسواڵی پابەندکردنی شەرەفە بەکردە سێکسواڵیەکانەوە،بەشەرعیەتبوونی سێکس و بەحەرامبوونێتی، ئەوە گواستنەوەی فیقهە بۆ نێو بەها کۆمەڵایەتیەکان و کردنی سێکسی حەرامە بەخاڵی نێوەندی یەکدگیری کۆمەڵگە لەڕوانگەی ئیسلامەوە. ئیدی کردنی سێکس پایەند دەبێت بەتابۆی کۆمەڵایەتیەوە، بەهەمان ئاقاریشدا تابۆکان شیرازەی یەکدگیری و هاوکۆیی کۆمەڵگە دەپسێنێت. ئەم جۆرە هۆشمەندیە ئیسلامەویە کەلەفۆرمی هەڵس و کەوت و بەهاکۆمەڵایەتیەکاندا نوێنەرایەتی خۆی دەکات، هۆشمەندیەکە پێویستی بەلێدان هەیە، بەدرزپێبردنی هەیە لەڕێگەی پەرەپێدانی کایەکانی دیموکراسی لەکۆمەڵگەدا، لەو کایە ئازادانەدا لەدایکبوونی هۆشمەندیەکی نوێ زەمانەتی گۆڕینی لەسەرخۆی، نەک شەرمنی، چەمکی شەرەف دەکات. بەڵام هەر وەکو گووتم ئەمە شەرێکی هەمەلایەنە و هەمەبەرەژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتیە، کەئێستا لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا سەرەتاکانی دەرکەوتووە و هەنگاوەی باشی بەرەو پێی ناوە.

## مێژووی شەرەف پەرستی دەگەڕێتەوە بۆ کەی، خاڵی هاوبەش لەنێوان کۆی قۆناغەکانی مێژووی شەرەف پەرستیدا چییە؟

**ئیسماعیل حەمەئەمین:** هەتاوەکو مرۆڤ بەکۆلکتیڤی (دەستەجەمعی) پێکەوە ژیان دابەش بکەن،بەها کۆمەڵاتیەکان و نۆرمەکان دەبنە بەشێک لەپێناسەی ئەو گروپە مرۆڤەی لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا دەژین. دیارە بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاین و پەیوەندیەکان،ئەم نۆرم وبەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیانە لەم کۆمەڵگە بۆ ئەوی دی و لەم قۆناغی مێژوویی بۆ ئەویتر دەگۆڕێن.
مێژووی ( شەرەف) بەپێی هەمەلایەنی و کاریگەری ئابووری و ئاینی دەگۆڕێت، بۆنمونە ئەوەندەی لەکۆمەڵگەی ئەورپایدا جەخت لەسەر (شەرەفی کارکردن و ڕاستگۆیی و شەرەفی دەست پاکی و شەرەفی زمان پاکی و شەرفی

پەیمان بەخشین..) دەکرێت، ئەوەندە شەرەف پابەند ناکەنەوە بە کردنی سێکسەوە، سێکس و شەرەف لەکاتیگۆریەکی دیکەدا، لەچوارچێوەیەکی دیکەدا پێناسەی خۆی وەردەگرێت،پێناسەی درۆکردن و شاردنەوەی ڕاستیەکان، لەو کردەیەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، دەشێت دانپێدانانی ئافرەت یان پیاو بەوەی کردەیەکی سێکسی لەگەڵ یەکێکی دیکەی لەدەرەوەی ئەشقەکەی خۆی کردبێت،بەس بێت بۆ ئەوەی چاوپۆشی لەیەکتری بکەن. مادامەکی کێشەکە بەشەفافیەت و ڕاستگۆیەوە دەگێڕدرێتەوە،چ نەبێت لەو چوارچێوەی ئەو (دانپێدانانە) کۆتایی پێدێت، گەر ئەوەش ببێتە هۆی جیابوونەوەی ئەو دووکەسە لەیەکتری. ئەم پابەند بوونە بەکولتوری ئیعتراف کردنە، جۆرێکە لەشەرەف وتەقلیدێکی کریستومیەتە (مەسیحیەتە) بەوەی کەسەکان دەتوانن لەبەردەم قەشەدا دان بەهەڵەکانیاندا بنێن و بواری لێبوردنی شەرەفی خێزانی و سێکسواڵی لەم بوارە ئاینیەدا بەرفراونترە.

لەئیسلامداچیرۆکەکە بەشێوەیەکی دیکەیە، وەک قورئان و پاشان حەدیسی نەبەوی و پاشان فەقیهەکان زۆر جەخت لە لەشەرف دەکەن و پابەندی دەکەن بەجەستە یان بەمانا تەقلیدیەکەی بەعەورەتەوە. ئیسلام ئەوەندەی جەستەی ژن دەکاتە جوگرافیای شەرەف و تابۆکانی خۆی لەسەر بینادەکات، ئەوەندە گرنگی نادات بە جۆرەکانی دیکەی شەرەف وەک شەرفی ڕاستگۆیی و شەرەفی کارکردن و نیشتیمانپەرەوەری و ..هتد . بەم شێوەیە (شەرەف) ئەو دەزووەیە کەمرۆکان دەبەستێتەوە بەپێناسەی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە ، مرۆڤەکان بەکولتوری خۆیانەوە پابەند دەکات.

* شەرەف پەرستی لەکوێدا بەدوای شەرعییەت وەرگرتندا دەگەڕێت، زۆرجار قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کەوا (ئایین) ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پرۆسەی شەرعییەت وەرگرتنی شەرەف پەرستیدا، لەبەرامبەریشدا پیاوانی ئایینی هەمیشە ئەمە بە بانگەشەیەکی مەبەستدار بۆ ناشرینکردنی ئایین وەسف دەکەن و ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکەنەوە، ئێوە تێڕوانینتان بۆ ئەم پرسە چییە؟

**ئیسماعیل حەمەئەمین:** نەپیاوانی ئاینی دەتوانن لەگوتاری ئاین جیابنەوە، نە گوتاری ئاینی ئیسلامیش دەتوانێت لەچەقی شەرەف و عەورەت پەرستی جیابێتەوە.ئیدی بۆچی ئەمە بانگەشەیەکی مەبەستیدارە، کەعەورەت و شەرەف، مێینە و شەرەف، سێکس و شەرەف لەئیسلامدا نەتوانن لەیەکتری جودا نەبنەوە!.لەوەتەی ئیسلام هەیە بەزەبری شمشێر جەختی خوێنینی لەسەر ئەم پێناسەیەی شەرەف و ناموس پەرستیە کردووە.تەنانەت لەسزادانی زیناکاریشداجیاوازیەکی بنەڕەتی توخمگەرایی دەکەن، دەبێت یەکەمجار مێینە بکوژرێت بۆ ئەوەی لەکەداری عەورەت پارێزراوبێت.. ئێمە لەئیسلامدا لەبەرامبەر کولتورێکی خێڵەکی پیاوسالاری ترسناک دەبینەوە، کەخودی گوتاری ئاینی جەختی لەسەر دەکات. کۆمەڵگەی ئیسلامی کۆمەڵگەی پیاوە بەهەموو بوعدەکانیەوە، بەهەمان شێوەش کۆمەڵگەی کوشتنی ژنە بەهەموو ڕەهەندە ئەخلاقی و جەستەیی و سمبۆلەکانیەوە. من دەڵێم لەکوێ مەلا و فەقیهەکانی ئیسلام و کولتوری کۆمەڵایەتیان بوونی هەبێت،لەوێ کوشتنی مرۆڤ لەسەر شەرەفی خێزانی وسێکسواڵی بەترسناکیەوە بوونی هەیە. لەکوێ لەسنورەکانی ئەوان نێزیک بیتەوە، کوشتنی مێینە دەبێتە ئەو شانازیەی کەشەرەفی مێگەلی کۆمەڵایەتی دەپارێزێت. بەدیوێکی

دیکەدا هەتاوەکو لەفەقیهەکان دووبکەویتەوە شەرەف ڕەهەندێکی مرۆڤانەتر و پڕبایەخدارتر لەخۆی وەردگرێت وەک لەوەی بەسێکسەوە پابەند بێت..

*پێت وایە حزب سالاری (لەکاتێکدا کە بەشێکی زۆری کادیر و پلەدارانی حزب خاوەن مێژووییەکی خێڵەکی بن) فاکتەری یاریدەر دەبێت بۆ بەردەوامی دان بە دۆخی شەرەف پەرستی و بێدەنگ کردنی یاسا لە هەمبەر سزادانیاندا ؟ یاخود پێتوایە یاسایەک هەبێت سازشکار بێت بەرامبەر دۆخێکی لەو جۆرە ؟

**ئیسماعیل حەمەئەمین:** بابەتێکی تازە نیە کەحزبی سیاسی و کادێرەکانی پابەندی خێڵ بن،ئەمە زانراوێکی دیارە و نادیارێک نیە ئێمە بیدۆزینەوە. کێشەکە دیویکی دیکەی هەیە، ئەویش لە نوێنەرە تەکنۆکراتەکانیدایە، سەیری ئەو حزبە خێڵەکیانە بکە و بزانە چەندە تەکنۆکرات و خاوەن بەڵگەنامەی مۆدێرنیان لێ کۆبۆتەوە و پلەی بالایان هەیە لەو حزبەدا. کەدەشێت ئەو پلەو پایانەی هەیانە بەکاربهێنن بۆ گۆڕینی ڕێڕەوەکان و تەنانەت کاریگەریان هەبێت بۆ پشتگیری لەو ڕێکخراوە مەدەنیانەی ئەمڕۆ بۆ فراونکردنی ئازادیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لەدەرەوەی حزبی سیاسی کاری خۆیان دەکەن. بەڵام ئەمانە نەک هەر ئەوە ناکەن، بەڵکو زۆر کەڕو لاڵن لەبەرامبەر هەموو تاوانەکانی ناموسپەرستان و بکوژانی ژنان، نەک هەر ئەوە بەڵکو مەسەلەکەیان بۆ ئاوەژوو دەکەنەوە و دیزەبەدرخۆنەی دەکەن، وەک لەکوشتنی دوعادابینیمان. دەیانەویست زیاتر کێشەکە قاڵبێکی ئیتنی پێبەخشن و دووریەکی سیاسی پێبەخشن و ماشێنی میدیا و کەناڵەئاسمانیەکانیان بەو ئاقارەدا کاریان دەکرد. بۆ ڕاکردن لەو یاسا ناموسپەرستیە، نوێنەرە مۆدێرنەکانی حزبی کوردی و پارێزەرانی خێڵ کاریان بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە. ترسناکترین بەش لەم چیرۆکەدا ئەو نوێنەرانەن کەبەناوی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە پەردەپۆشی تاوانەکانی ناموسپەرستی دەکەن. بۆنمونە حزبێکی سۆسیال دیموکراتی کوردی کەبەشدار دەبێت لەکۆنگرەی سۆسیال دیموکراتی جیهان،خاوەنی (ئەنجومەنی عەشایرە) و بەدەست وبەددان ژنکوژان دەپارێزێت، حزبێکی سۆسیال دیموکرات و حزبێکی بەنێو دیموکرات بوونەتە لانەی چەندەها جاش و جوش و کەهەڵقولاوی خێڵ و عەشیرەتەکانن، تەنانەت پەرلەمانی کوردستان پڕە لەو عەشایرانەی بەمافی ژنان و یاسای دژە ژنکوژی پەستن و کاریگەریان هەیە بۆ سەر بڕیارەکان. ئەمە جگەلەو مەلایانەی حزبی سیاسی بۆ موجامەلەکردنی خێڵ و پرنسیبەکانی پشتگیری ماددی و مەعنەویان دەکات. ئیدی نازانم دەبێت ئەم دەسەڵاتە لەکوێی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بێت کەهێشتا ژن کوشتن چاوی لێدەپۆشرێت.

*تا هەنووکە خاوەن بزوتنەوەیەکی فراوان و جدی دژە شەرەف پەرستی نین،ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی زۆرێک ڕێکخراوی مەدەنی بە گشتی و ڕێکخراوی ئافرەتان (ژنان) دەبینرێت کە بانگەشە بۆ مافی مرۆڤ و داکۆکیکردن دەکەن لە مافە مەدەنیەکان ؟

**ئیسماعیل حەمەئەمین:** کێشەکە لێرەدایە، ئێمە چەندایەتیەکی زۆرمان لەو ڕێکخراوانە هەیە، بەچۆنایەتیەکی زۆر لاواز و بێماناوە. هەموو ڕێکخراوەکانی کەبەرگری لەمافەکانی ژن دەکەن، هەر لەسەرەتای لەدایکبوونیانەوە هاوپەیمانی خێڵ و عورفەکانیان بوون. نەک هەر کاری جیدیان بۆئەو مەسەلانە نەکردووە ، بەڵکو کاریان پەردەپۆشی کردەی ناموسپەرستی بووە، مادامەکی ئەوانەی ئەو کردەیە دەکەن هاوپەیمانی پارتەسیاسیەکەی خۆیانن. هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و سۆسیالست و کۆمۆنیست و نازانم چیەکان،

پاشکۆی ئەو دۆزەسیاسیە باڵادەستە بووە کەهێزی خۆی لەکۆکردنەوەی دەنگ و هێزەکانی خێڵەوە وەردەگرتووە، بۆ ئەم مەبەستەش گەر بەیاننامەیەک دەرکرابێت یاوەکو گوتەبێژیەکی تایبەت لەدژی ناموسپەرستی گوترابێت،ئەوا لەچوارچێوەی پڕوپاگەندەی سیاسیانەی شەرمنانە بووە، هەمان کردەش نوێنەرەکانی ئافرەتان دەگرێتەوە لە پەرلەمانی کوردستان.

نەبوونی دنیابینیەکی فێمینیستی ڕوون وئاشکرا لەکۆمەڵگەی کوردیدا، وەهای کردووە کەڕێکخراوەکانی ژنان پاشکۆیی حزبە سیاسیەکانینان بن. ئەمانە ئەوەندەی خاوەنی دۆزێکی سیاسیانەی ڕەدووکەوتوون ، ئەوەندە پرسی کۆمەڵایەتی وپێگەی ژنانیان لەکوردستانیان لەلامەبەست نەبووە. بەڵام لەسەرێکی دیکەوە پێویستە ئاماژە بەو ژنە ئازاو بەجەرگانە بکەین، لەدەرەوەی ئەم هاوکێشە سیاسیانەدا کاری خۆیان کردووە و ئێستا حزبی کوردی و نوێنەرە پۆست خێڵەکانیان خستۆتە ژێر گوشارەوە، ئەم گروپ و ڕێکخراو و کەمپینانەی دوایی توانیوویانە حکومەت بخەنە ژێر تاقیکردنەوەیەکی سەختەوە..هەروەک گووتم بەشێکی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بزوتنەوەی فیمینیزم لەکوردستاندا خاوەنی دنیابینیەکی ڕوون وئاشکرانیە و بیرشت نەچێت کەجارجارەش نوێنەرەکانیان لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکڕدرێن.

تەواو

•(خوێندنەوەیەک بۆ شەرف پەرستی) ڕۆژنامەی جەماوەری 2007/08/26

• ئامادەکاری دۆسییە/خەڵەف غەفور